HELLENIC REPUBLIC
Ministry of Migration & Asylum

UNHCR
The UN Refugee Agency



# رێنمای تایبەت بە سوودبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی

دوایین نوێکردنەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣

# خشتەی ناوەڕۆکەکان

وەرزی 1. دەربارەی ئەم ڕێنمایە ............................................ 5

وەرزی 2. زانیاری دەربارەی یۆنان ......................................... 8
پێگەی جوگرافیایی ........................................................ 10
سیستەمی ڕامیاری ........................................................ 10
جەماوەر ........................................................ 11
زمان ........................................................ 11
ئایین ........................................................ 11
دراوی فەرمی ........................................................ 12
پشوودانی فەرمی و گشتی ........................................................ 12
گواستنەوەی گشتی/گەشت ........................................................ 13
کاتی ئیشکردنی فرۆشگاکان ........................................................ 13

وەرزی 3: هەڵوێستی پێویست پاش بەدەستهێنانی دۆخی پاراستنی نێودەوڵەتی 14
مۆڵەتی ئیقامە ........................................................ 16
بەڵگەی گەشت ........................................................ 16
مافی بنەڕەتی ........................................................ 17
ڕاپۆرتی باج ........................................................ 19
شێوازی کردنەوەی حسابی بانک ........................................................ 19

وەرزی -4ئیش و دامەزران ............................................ 21
پێداویستییەکانی ئیش ......................................................... 23
ناوتۆمارکردن لە نووسینەگەی بیمەکراوەکان............................... 23
چۆنیەتی دۆزینەوەی ئیش .................................................. 24
سی ڤی و نامەی ڕوونکردنەوە.................................................. 24
وتووێژ ................................................................... 25
خزمەتگوزاری دامەزراندنی گشتی (Δ.ΥΠ.Α.)، دایرەی دامەزراندنی (O.A.E.Δ.) پێشوو ................................................ 25
ئینتەرنێت ................................................................ 25
ماف و ئەرکی کرێکار/فەرمانبەر.............................................. 26
یارمەتی بێکاری و یارمەتی ئەو کەسانەی داهاتیان کەمە............... 26

وەرزی 5 خانووبەرە .......................................................... 28
پرۆگرامەکانی خانووبەرە/ ئامادەکاری تایبەت بە سوودبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی ........................................................... 30
زانیاری دەربارەی خانووبەرەی بەکرێ ...................................... 31

وەرزی 6. پەروەردە .......................................................... 33
سیستەمی ڕاهێنانی یۆنان.................................................... 35
*I*. ڕاهێنان و چاودێری منداڵانی کەمتەمەن................................. *36*
*II*. ڕاهێنانی سەرەتایی (قوتابخانەی سەرەتایی) و مامناوەندی (پۆلی حەوت و هەشت و نۆ) ................................................................ *36*
*III*. ڕاهێنانی ناوەندی دڵخوازانە ............................................. *37*
*IV*. ئاسانکاری ڕاهێنانی تایبەت بۆ پەنابەران..................................... *38*
*V*. ڕاهێنانی بەتەمەنەکان............................................................ *38*
*VI*. بەردەستبوونی ڕاهێنانی باڵای سێ لایەنە..................................... *39*

وەرزی 7: خزمەتگوزاری چارەسەری........................................40
زانیاری گشتی........................................................42
دەرمانخانەکانی شارەوانی..................................................42
بنکە پزیشکیەکان لەژێر چاودێری ڕێکخراوە ناحکومیەکان.............43
چاودێری دەرمان.......................................................43
خزمەتگوزاری تەندروستی دەروون........................................43
کوتانی جیهانی........................................................44

وەرزی 8. زانیاری بەسوود و خزمەتگوزاری هەنووکەیی...............45
بنکەکانی یەکخستنەوەی کۆچبەران (K.E.M.)............................47
ئەنجومەنی یەکخستنەوەی کۆچبەران و پەنابەران (Σ.E.M.Π.).......47
دەستەی نوێنەرایەتی بەکۆمەڵی نەتەوەکانی وڵاتانی تر...................48
مێزی ڕێنمای یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی.....................................49
خزمەتگوزاری فریاکەوتن...................................................49

# وەرزی 1. دەربارەی ئەم ڕێنمایە





ئەم ڕێنماییە ئامادە کراوە بۆ ئەو بەتەمەنانەی کە لەسەر داوای ئەوان، لە لایەن دەسەڵاتدارە یۆنانییە بەتواناکانەوە، یان دۆخی پەنابەری لەسەر بنەمای پەیماننامەی جنێف لە ساڵی ١٩٥١ یان باری پاراستنی لاوەکی، دۆخی پاراستنی نێودەوڵەتیان پێبەخشراوە.

بەپێی «ستراتیجی نیشتیمانی یەکخستنەوە»ی حکومەتی یۆنان، یەکخستنەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەنە کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ وڵاتێکی نوێ و ڕاستییەکی نوێ. ئەم ڕێنمایە دروستکراوە بۆئەوەی ببێتە ئامرازێکی بەسوود لەسەرەتای ئەم پرۆسەیەدا و دابینکردنی ئەو زانیارییە بنەڕەتیانەی کە پێویستە بۆ ئەو کەسانەی لە یۆنان لەژێر باری پەنابەری و سوودبەرانی دۆخی پاراستنی لاوەکی دان و هەوڵ دەدەن ژیانێکی نوێ دەستپێبکەن و سوود لەو دەرفەت و ئەگەرانە وەربگرن کە لەم وڵاتەدا پێشکەش کراون.

لەم ڕێنمایەدا، زانیاری دەربارەی **ژیان لە یۆنان، هەڵوێستی سەرەتایی پاش بەدەستهێنانی بارودۆخی پاراستنی نێودەوڵەتی، ئیش/دامەزران، خانووبەرە، ڕاهێنان و خزمەتگوزاری چارسەری پێشکەش کراوە.** لەڕاستیدا ئەم زانیاریانە تەواکەری خزمەتگوزاری بەردەست و خزمەتگوزاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی ترە.



# وەرزی 2. زانیاری دەربارەی یۆنان




ROMANIA
Bucuresti
Sofia
BULGARIA
N.MACED.
Bari
Tirane
Thessaloniki
Athens
GREECE
Sea
Banghazi

## پێگەی جوگرافیایی

یۆنان (بە ناوی یاسایی و فەرمی: کۆماری هێلێنیک( دەکەوێتە ناوەوەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، لە نیمچەدوورگەی بالکان، ئەو شوێنەی ئەورووپا لەگەڵ ئاسیا و ئەفریقا کۆدەبێتەوە. تایبەتمەندیەکی سەرەکی وڵاتی یۆنان ئەوەیە کە 6000 دوورگە لەخۆ دەگرێت و 15000 کیلۆمەتر کەناری هەیە کە لەم ڕۆوە لە جیهاندا ٩ەمین هێڵی کەناری درێژی هەیە.

## سیستەمی ڕامیاری

سیستەمی ڕامیاری یۆنان کۆماری پەرلەمانی یەکگرتووە. سەرۆکی حکومەت هەمان سەرۆک کۆمارە. یاسای یۆنان یاسای بنەڕەتی ئەم وڵاتەیە کە پێکهێنانی یاسادانانی ئەو وڵاتە لەسەری دامەزراوە وسەبارەت بە ماف و پابەندبوونی هاوڵاتیان و پێکهاتە و ڕێسا بنەڕەتییەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی یۆنانە.

دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەن پەرلەمانەوە بەکار دەهێنرێت. پەرلەمان لە سێ سە (300) ئەندام پێکهاتووە کە لە لایەن مافی دەنگدانی جیهانییەوە بۆ ماوەی چوار (4) ساڵ لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە هەڵدەبژێردرێن. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن سەرۆک کۆمار و حکومەتەوە بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران جێبەجێ دەکرێت. زانیاری پەیوەست بە پێکهاتەی حکومەت، سەرۆک وەزیران و وەزیران بە زمانە جۆراوجۆرەکان بەردەستە لە government.gov.gr لەم ماڵپەڕەدا ئامرازی وەرگێرانیش بەردەستە. سیستەمی دادوەری لە دەسەڵاتی یاسادانان جیایە و لەلایەن دادگاکانەوە پیادە دەکرێت (ئیداری و مەدەنی و تاوانکار).

هەموو ئەو کەسانەی لە ناو خاکی یۆناندا دەژین بێ گوێدان بە نەتەوە و ڕەگەز یان زمان و بیروباوەڕی ئاینی یان ڕامیاری، مافی پاراستنی ژیانی تەندروست و بەشەرەف و ئازادیان هەیە. هەندێک جیاکاری ڕێپێدراوە لەو حاڵەتانەدا کە لەلایەن یاسای نێودەوڵەتیەوە دابین کراوە.

## جەماوەر

دانیشتووانی یۆنان بەپێی ئەنجامی سەرژمێری ساڵی 2011[1] دەورووبەری 10.8 ملیۆن کەس بوون کە 912 هەزاریان بیانی بوون و زۆربەیان خەڵکی ئەلبانیا و ڕۆمانیا و بولگاریا و پاکستان و جۆرجیا بوون. بەپێی هەڵسەنگاندنە فەرمییەکانی Eurostat، ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە لە ١ی ژەنیوەری 2020دا 10,691,204 کەس مەزەندە کراوە.

پایتەختی ئەو وڵاتە ئەسینایە کە دەکەوێتە ناوچەی ئەتیکا. بەپێی ئەو دابەشکردنە ئیدارییەی ئێستا ٧ ئیدارەی لامەرکەزی و 13 هەرێم و ٣٢٥ شارەوانی لەو وڵاتەدا هەیە. هەرێمەکان، بە شارەوانیەکانیشەوە، دەسەڵاتدارانی ناوخۆ پێکدەهێنن. دایرەکانی ناوچە بەرپرسی بەدواداچوونی کاروباری ناوچەیین. بەگشتی شارەوانی بەرپرسە لە کێشە تەسکەکانی ناوخۆ لەکاتێکدا کە هەرێم بەرپرسە لە کێشە فراوانەکان. 10 شارەوانی گەورەی ئەو وڵاتە (بەپێی داتاکانی ساڵی 2011) بریتین لە ئەسینا، تسالۆنیکی، پاتراس، هەراکلیۆن، پیرەئاس، لاریسا، ڤۆلۆس، پێریستری، ڕۆدس و ئیوانینا.

## زمان

زمانی فەرمی دەوڵەتی یۆنانی یۆنانییە، کە لە هەموو ناوچەکە و لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا بەکاردێت.

## ئایین

بەپێی دەستووری یۆنان، ئایینی سەرەکی لەو وڵاتەدا کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی ڕۆژهەڵاتی مەسیحە کە زۆرینەی دانیشتوان قبووڵیان کردووە.

یاسای بنەڕەتی مافی ئازادی ویژدانی ئایینی و پەرستنی هەر ئاینێکی ناسراو دەپارێزێت، هەتاکوو ئەو کاتەی کە دژ بە سیاسەتی گشتی و پرەنسیپە ئەخلاقییە قبوڵکراوەکانی نەبێت. لە یۆنان چێژوەرگرتن لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان پشت بە بیروباوەڕە ئایینییەکانی تاک نابەستێت.

---

1. https://www.statistics.gr/2011-census-pop-hous
لە ساڵی 2021 دا سەرژمێرییەکی نوێی دانیشتووان و خێزانەکان لەلایەن دەسەڵاتی ئاماری یۆنانیەوە ئەنجامدرا. لەم لینکەی خوارەوە دەتوانن ئەنجامی سەرژمێرییەکە ببین ن
https://elstat-outsourcers.statistics.gr/Census2022_GR.pdf

## دراوی فەرمی

دراوی فەرمی ئەم وڵاتە یۆرۆ (€) یە. مامەڵە داراییەکان دەتوانیت بە بەکارهێنانی پارەی نەخت، قەرز، یان کرێدیت کارت ئەنجام بدەیت.

## پشوودانی فەرمی و گشتی

چەند ڕۆژێکی دیاریکراوی ساڵ وەک پشوو دیاری کراوە. هەندێک لە پشووەکان یاسایی (بەپێی پێداویستی یاسایی) و هەندێکی تر عورفن. لە پشوودانی گشتیدا، بنکەکانی خزمەتگوزاری حکومی و/یان بیزنسە ئەهلییەکان داخراون. ڕۆژانی پشووی یاسایی بریتین لە:

| ناوی ڕۆژی پشووی یاسایی | ڕێکەوت |
|---|---|
| ڕۆژی ساڵی نوێ | 1ی ژەنیوەری |
| جەژنی شۆردنی منداڵ بە ئاو لە خاچپەرستیدا | 6ی ژەنیوەری |
| ڕۆژی پشوودانی نیشتیمانی ٢٨ی ئۆکتۆبەر | 28ی ئۆکتوبەر |
| ڕۆژی پشووی نیشتیمانی ٢٥ی مارس | 25ی مارس |
| ڕۆژی کرێکار | 1ی مەی |
| دووشەممە جەژنی پاک | پشووی بگۆڕ |
| خەولێکەوتنی حەزرەتی مرێم | 15ی ئۆگۆست |
| لەدایکبوونی عیسا مەسیح، کریسمەس | 25ی دیسەمبەر |
| یەکەم ڕۆژی ئێش پاش کریسمەس | 26ی دیسەمبەر |

لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو یەک شەممەیەک، خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت و زۆربەی بازرگانی و دوکانە تایبەتەکان داخراون. لە کۆتایدا، پشووی کەرتی زیادەش هەیە (هێزی چەکدار، قوتابخانە) و شوێنی (ناوخۆیی) کە خەڵکی گشتی ناگرێتەوە.

## گواستنەوەی گشتی/گەشت

خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی توانایی گەشتی ناو شار و نێوان شارەکان دەڕەخسێنێت. لە خاکە سەرەکیەکەدا پاسی ناو شار (KTEL)، هێڵی شەمەندەفەری قەراغ شار و هەروەها تۆڕی شەمەندەفەر هەیە. میترۆیەک لە ئەسینا و لە ناوچەی گەورەی ئەتیکا کار دەکات. دوورگەکان لە ڕێگەی پەیوەندی کەشتییەوە بەردەستن. بەندەرەکانی ئەتیکا (پیرەوس، ڕافینا، لاڤریۆ) تەقریبەن لەگەڵ هەموو دوورگەکانی یۆنان لە پەیوەندی دان. زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی یۆنان، هەردوو ناوچەی سەرەکی و دوورگەکان، بە فڕۆکەی ئاسمانیەوە پێکەوە بەستراونەوە. ٣٩ فڕۆکەخانە هەیە کە خزمەت بە گەشتیارەکانی فڕۆکەی شارستانی دەکەن.

## کاتی ئیشکردنی فرۆشگاکان

فرۆشگاکان بە پشتبەستن بە شوێنەکەیان و مەبەستیان لە کاتی دیاریکراودا ئیش دەکەن. فرۆشگا تایبەتەکان وەک دەرمانخانەکان، کاتی ئیشی تایبەت و کاتی ئان کاڵیان هەیە بۆئەوەی خەڵک بتوانن لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا خزمەتگوزاریا ئەوان بەکار بێنن.



# وەرزی 3: هەڵوێستی پێویست پاش بەدەستهێنانی دۆخی پاراستنی نێودەوڵەتی





## مۆڵەتی ئیقامە

ئەگەر لە لایەن دەوڵەتی یۆنانەوە دۆخی پەنابەرت پێدرابێت، دەتوانیت مۆڵەتی ئیقامە بەدەست بهێنیت، بۆ ماوەی سێ (3) ساڵ، کە دوای پێداچوونەوەیەکی پەیوەندیدار درێژ دەکرێتەوە. مۆڵەتی ئیقامە بۆ سوودبەرانی پاراستنی لاوەکی بۆ ماوەی یەک (1) ساڵ دەردەکرێت و بۆ دوو (2) ساڵی تر دوای پێداچوونەوەیەکی پەیوەندیدار درێژ دەکرێتەوە.

بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ئیقامەی چاپکراو، پێویستە داواکارییەکەت ڕادەستی دایرەی پۆلیس/ نووسینگەی پاسپۆرت بکەیت. نوسینگەی پەناهەندەی هەرێم کە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیت پێشکەش کردووە، پێت دەڵێت کە دەبێ داواکاری مۆڵەتی ئیقامە ڕادەستی کام دایرە بکەیت. زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێکاری دەرچوون و بەدەستهێنانی مۆڵەتی ئیقامە لێرە بەردەستە.

بۆ درێژکردنەوەی مۆڵەتی ئیقامە، دەتوانیت داواکارییەکەت بنێریت بۆ ئەم ئیمەیلەی خوارەوە: GAS.residencepermits@migration.gov.gr. داواکارییەکە دەبێ لە ماوەی سی (30) ڕۆژی ساڵپێو بەر لە کات بەسەرچوونی مۆڵەتی ئیقامە پێشکەش بکرێت.

ئەگەر ئیتر پەنابەر یان سوودبەری پاراستنی لاوەکی نی، مۆڵەتی ئیقامەت درێژ ناکرێتەوە.

زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێکاری درێژکردنەوەی مۆڵەتی ئیقامە لێرە لەبەردەستە.

## بەڵگەی گەشت

ئەگەر دۆخی پەنابەریت پێدرابێت، دەتوانیت بەڵگەنامەیەکی گەشتی کۆماری هێلێنیک بەدەست بهێنیت کە دەتوانیت بۆ ماوەی نەوەد (90) ڕۆژ سەردانی وڵاتانی تری یەکێتی ئەوروپا بکەیت. لە حاڵەتی پاراستنی لاوەکیدا، دەسەڵاتدارانی یۆنان بەڵگەنامەیەکی گەشتت پێ دەدەن، لەسەر داواکەت، تەنها ئەگەر ناتوانیت بەڵگەنامەی گەشت لە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەت بەدەست بهێنیت. سەرنج بدە کە بەڵگەی گەشت زۆر شەخسییە.

زانیاری زیاتر دەربارەی پێشکەشکردنی داواکاری و بەدەستهێنانی بەڵگەی گەشتلێرە لەبەردەستە.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانیت ڕێنمای شرۆڤەکراوی قۆناغەکانی بەڵگەی گەشت لێرەدا بدۆزییەوە.

# مافی بنەڕەتی

لیستەی مافەکان لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی بارودۆخی پاراستنی نێودەوڵەتی، بە جیاکردنەوەی پێدانی بارودۆخی پەنابەری و بارودۆخی پاراستنی لاوەکی، لێرە (بە چەند زمان) لەبەردەستە.

بە پێدرانی دۆخی پاراستنی نێودەوڵەتی، ئەم مافانەت دەبێت:

- **مافی دەستڕاگەیشتن بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری چارەسەری:** ژمارەی کاتی بیمە و خزمەتگوزاری چارەسەری بیانییەکان: (PAAYPA) کە وەک پەناخوازێک بۆ تۆ تەرخان کراوە بۆ ئەوەی دەستت ڕابگات بە خزمەتگوزاری چارەسەری، دەبێ بگۆڕدرێت بۆ (لەو پرۆسەیەدا کە پێی دەوترێت قۆناغی گواستنەوە) ژمارەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (AMKA). بۆ ئەم مەبەستە لە ماوەی یەک (١) مانگ لە بەدەستگەیشتنی مۆڵەتی ئیقامە بۆ تۆ، دەبێ بەپێی یاسا هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بۆ دەرچوونەکەی بگرییە بەر. لە هەمان کاتدا، تۆ و ئەندامانی بنەماڵەکەت بە تەواوی لەژێر چاودێری PAAYPAدا دەبن. AMKA ژمارەیە کی بێهاوتایە بۆ هە موو هاوولاتیە کانی ولاتی یۆنان. بە AMKA، دەستت ڕادەگات بە سوودەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری چارەسەری لەژێر هەمان ئەو مەرجانەی کە بۆ هاوڵاتیانی یۆنانی جێبەجێی دەکرێت. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر دەربارەی AMKA و خزمەتگوزاری چارەسەری، دەتوانیت سەردانی بەشەکانی تری پەیوەست بکەیت.
- **مافی دەستڕاگەیشتن بە ڕاهێنانی گشتی** لە هەموو ئاستەکاندا و مافی دەستڕاگەیشتن بە پرۆگرامی ڕاهێنان. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر، سەردانی بەشی «ڕاهێنان» بکە.
- **مافی دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی ئیش و مافی هەبوونی چالاکی بازرگانی.** لە بەشی «ئیش و دامەزران»، دەتوانیت زانیاری بەسوودی زیاتر بەدەست بێنیت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم ڕێنمایەدا ڕوونکردنەوەی کورت دەربارەی ڕێکار ڕێکاری بەدەستهێنانی پێناسەی باج (ΑΦΜ) پێشکەش کراوە. هەبوونی ئەم پێناسەیە بۆ جێبەجێکردنی هەندێک لە مامەڵەکان لەگەڵ حکومەتی یۆنان و مامەڵە لەگەڵ کەسانی تایبەتدا پێویستە.
- **مافی پێشکەشکردن بۆ داواکاری مۆڵەتی ئیقامەی درێژخایەن،** پاش تێپەڕینی خولی پێنج (5) ساڵەی ئیقامەی یاسایی و هەمیشەیی لەم وڵاتەدا و دابینکردنی هەموو پێداویستییە یاساییە پەیوەستەکان.
- ئەگەر بارودۆخی پەنابەریت پێدرابێت، **بە ڕەچاوکردنی مەرجە دیاریکراوەکان، دەتوانیت ژیانی بنەماڵەت لەگەڵ خزم و کەسی پلە یەکی دانیشتووی وڵاتی دڵخوازی خۆت یان دانیشتووی وڵاتانی تر لە یۆناندا دەست پێبکەیت.** ئەگەر دۆخی پاراستنی لاوەکیت پێدرابێت، ئەم مافەت نیە.
- **مافی پێشکەشکردنی داواکاری ڕەگەزنامەی یۆنان** ئەگەر وەک پەنابەری فەرمی یان کەسێک کە دۆخی پاراستنی لاوەکی هەیە، حەوت (7) ساڵ بەردەوام و بە شێوەی یاسایی لە یۆنان ژیابێت و مەرجەکانی پەیوەست بە یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا دابین بکەیت. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر دەربارەی پێدرانی ڕەگەزنامەی یۆنانی سەردانی ئێرە بکە. ئەگەر منداڵت هەیە کە لە یۆنان لەدایک بووە، کە خوێندنی سەرەتایی و/یان ناوەندی لە یۆنان تەواو کردووە، لەوانەیە بەپێی یاسادانانی پەیوەندیدار مافی ڕەگەزنامەی یۆنانی هەبێت.

بە پێی یاسادانانی یۆنانی، ئەو دۆخەی پێت دراوە لەوانەیە هەڵوەشێنرێتەوە یان درێژ نەکرێتەوە. ئەمە دەکرێت ڕوووبدات ئەگەر بۆنمونە دۆخی پەنابەرییت بوەستێت بە هۆی بەدەستهێنانەوەی دوبارەی هاووڵاتیبوونی وڵاتەکەت، ساختەکاری بەڵگە یان زانیارییەکان یان دەستکاری بەڵگەکان، ئاسایشی نیشتیمانی وڵات بخەیە مەترسییەوە یان تاوانی مەترسیدار بکەیت.

## شێوازی بەدەستهێنانی ژمارەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی یۆنان

ژمارەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (AMKA) ئاسانکاری دەکات بۆ دەستڕاگەیشتنت بە نەخۆشخانە و چارەسەری و دەستەبەرکردنی مافەکانی دامەزراندنت. زانیاری زیاتر دەربارەی AMKA لێرە لەبەردەستە.

ئەگەر AMKAت نیە دەتوانیت بە سەردانکردنی دامەزراوەینووسینگەکان بەرپرسی ژمارەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی(نووسینگەی AMKA) لە سندۆقی ئەلەکترۆنی نیشتیمانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (e-EFKA) یان بنکەی خزمەتگوزاری هاووڵاتی(KEΠ) ناوچەی خۆت، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ژمارەیە هەوڵ بدەیت. ڕێنمای پێدرانی مەوعید لە نووسینگەی e-EFKA لێرە و زانیاری پەیوەست بە KEP لێرە لەبەردەستە.

لەگەڵ داواکارییەکە، پێویستە مۆڵەتی ئیقامە و سەلماندنی شوێنی نیشتەجێبوونت دابین بکەیت (گرێبەستی کرێ/ لێدوانی یاسایی لە خانەخوێ یان خاوەن زەوییەکەت/ کارەبا یان پسوولەی ئاو بەناوی خۆتەوە). سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر منداڵێک لە ناو بنەماڵەکەت لە یۆنان لەدایک بووبێت، دەبێ ناسنامەی لەدایک بوونی ئەو منداڵەش پێشکەش بکەیت.

## شێوازی بەدەستهێنانی ناسنامەی باجی یۆنان (AΦM)

ناسنامەی باج (AΦM) شمارە یەکتایە کە تەنیا یەکجار دەردەکرێت و نۆ (9) ژمارەیە. هەبوونی ناسنامەی باجی یۆنان (AΦM) پێویستە لەبەرئەوەی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی وەک کردنەوەی حسابی بانک، بەکرێگرتنی خانووبەرە، کڕینی مۆبایل، دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی ئیش و مامەڵەی ڕۆژانە ئەم ژمارەیەت پێویستە.

لەگەڵ تەواوبوونی تۆمارکردنی داواکارییەکەت بۆ دابینکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی ، بەشێوەیەکی تۆماتیکی ( ئا فی می A.Φ.M) بە دەست دەهێنیت. بەڵام ئەگەر، تۆ ئا فی میت نەبێت، دەتوانیت داوای بەدەستهێنانی ئا فی می بکەیت لە ڕێگەی پەیوەندی ڤیدیۆییەوە لەگەڵ کارمەندێکی دەزگای پەیوەندیدار. ئەو ڕێکارەی کە پێویست دەکات پەیڕەوی لێ بکەیت لێرەدا بە زمانی یۆنانی ئاماژەی پێکراوە .

تۆ یان نوێنەرەکەشت دەتوانیت/دەتوانێت سەردانی نزیکترین دایرەی باجی شوێنی دانیشتنت بکەیت/بکات. ئەگەر نازانیت پەیوەندی بکەیت بە کام دایرەی باجەوە، دەتوانیت ناونیشانییەکەت لێرە بنووسیت و دایرەی پەیوەست بدۆزییەوە.

پاش دەرکردنی ناسنامەی باج (ΑΦΜ)، دەتوانیت **کۆدەکانی حساب و TAXISnet** بەدەست بێنیت کە بۆ دەستڕاگەیشتنی ئۆنلاین بە خزمەتگوزاری باج و خزمەتگوزاری تری ئیداری گشتی پێویستن. زانیاری زیاتر دەربارەی ناوتۆمارکردن لە سیستەمی زانیاری TAXISnet و دروستکردنی حساب لێرە لەبەردەستە. لەم بوارەدا باشترە لە ژمێریار داوای ڕێنمایی و یارمەتی بکەیت.

**گرنگ: لەبیرت نەچێت زانیارییەکانت نوێ بکەیەوە!**

ئەگەر ژمارەی مۆڵەتی هاوچەشنی ئیقامە (ΑΔΕΤ) یان شوێنی دانیشتنت بگۆڕدرێت، پێویستە ناونیشانی نوێ بە دایرەی باج ڕابگەیێنیت. ناونیشانی ماڵەکەت دەتوانیت بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنی بگۆڕدرێت لەڕێگەی سیستەمی TAXISnetەوە، بەڵام بۆ گۆڕینی ژمارەی ΑΔΕΤ، پێویستە دایرەی باجەکەت ئاگادار بکەیتەوە.


## ڕاپۆرتی باج



بۆ ناردنی ڕاپۆرتی باج، باشترە لە کەسانێک داوای یارمەتی بکەیت کە لەگەڵ ئەم پرۆسەیە ئاشنان. دەتوانیت لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان ژمێریاریش داوای یارمەتی بکەیت.

ڕاپۆرتی باج دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ داواکردنی قازانجەکان، لەبەرئەوەی پێدانی هەندێک لە دەرماڵە پشت دەبەستێت بەو داهاتەی کە ساڵانە لە کاتی ڕاپۆرتی باجدا ڕاگەیێنراوە.

## شێوازی کردنەوەی حسابی بانک



کردنەوەی حسابی بانک زۆر گرنگە لەبەرئەوەی هەم توانایی ڕاگرتنی پارە و هەم بواری پێدران و پارەدان دەڕەخسێنێت. هەروەها هەر سوودێک کە بۆت دەستنیشان دەکرێت ڕاستەوخۆ دەخرێتە ناو حسابی بانکەکەت. مووچەی کەسانی دامەزراویش دەخرێتە ناو حسابی بانکی ئەوان.

لەوانەیە لە نێوان بانکە جۆراوجۆرەکاندا بانکێک هەڵبژێریت. ئەو بەڵگە بنەڕەتیانەی کە دەبێ پێت بێت کاتێک دەڕۆیە بانکێک بۆ کردنەوەی حسابێک ئەمانەی خوارەوەن:

- ئۆرجیناڵ و کۆپی مۆڵەتی ئیقامەی کارپێکراو.
- بەڵگەی شوێنی دانیشتن (کرێنامە/ لێدوانی یاسایی خانەخوێ یان خاوەنماڵ/ پسوولەی کارەبا یان ئاو بە ناوی خۆتەوە). گرنگە کە ناونیشانی نووسراو لەم بەڵگەیەدا ڕاست بێت، لەبەرئەوەی بانک لەوانەیە بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆسەیە بەڵگەی گرنگ بنێریت بۆ ئەو ناونیشانەی کە ئاماژەی پێکراوە.
- پسوولەیەک یان بڕوانامە لە کارپێکەری مۆبایلەکەتەوە، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ژمارەی تەلەفۆنەکەت بە ناوی تۆوە تۆمارکراوە.
- (ئەگەر دامەزراویت) بڕوانامەی دامەزراندن و کۆپیەک لە گرێبەستی دامەزراندنەکەت.
- (ئەگەر بێکار بیت) کارتی بێکاری ئۆرجیناڵ و کۆپی دەرکراو لە لایەن خزمەتگوزاری دامەزراندنی گشتی (Δ.ΥΠ.Α.) دایرەی دامەزران (Ο.Α.Ε.Δ.)ی پێشوو.
- بڕوانامەی دەرکردنی ناسنامەی باج (ΑΦΜ) یان بەڵگەی تری فەرمی کە ناسنامەی باجی (ΑΦΜ) هەیە.
- بڕوانامەی پاک کردنی باج یان لێدوانی یاسایی کە دەریبخات لە یۆنان ڕاپۆرتی باج لەسەر داهاتت نەناردووە.

پاش کردنەوەی حسابەکەت، بانکەکە بەگشتی کارتێکی بانکت بۆ دەردەکات، کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ دەرهێنانی پارە لە حەسابەکەت لەڕێگەی ATMS (لە دەرەوەی بانک و شوێنەکانی تر دانراوە) و کڕینی کەلوپەل لە زۆربەری فرۆشگاکاندا.



# وەرزی 4- ئیش و دامەزران





تۆ وەك سـوودمەندێك لە پاراستنی نێودەوڵەتی مافی ئەوەت هەیە یان وەك موچەخۆرێك كاربكەیت یان وەك خاوەن كاری خ ۆت
(پیشەی سەربەخۆ) كار بكەیت. لە كاتێكدا دەتوانیت كاروكاسبیەكی تایبەت بە خۆت بكەیتەوە كە هەمان ماف و ئەركەكانی هاوڵاتیانی یۆنانیت هەبێت. تـۆ دوای شەست ( ٦٠ ) ڕۆژ مافی كاركردن بە دەست دەهێنیت، واتە دوای تێپەڕبوونی شەست ڕۆژ لە بەرواری تۆماركردنی داواكارییەكەت بۆ مافی پاراستنی نێودەوڵەتی و ئەگەر كارتی پەناخوازی كارات لەبەر دەستدا بێ ت.

## پێداویستییەكانی ئیش

یەكێک لە مەرجەكانی ئیشكردن لە یۆنان هەبوونی ناسنامەی باج (ΑΦΜ) و ژمارەی دابینكردنی كۆمەڵایەتییە (سەبارەت بە ڕێكاری دەركردن ΑΦΜ و AMKA، سەردانی لینكی پەیوەست بكە). لەوانەیە پێویست بكات حسابێكی بانكیش بكەیەوە بۆئەوەی خاوەنكار بتوانێت مووچەكەت بخاتە ئەو حسابە (سەبارەت بە بەڵگەی پێویست و پاڵپشت، سەردانی وەرزی 3 بكە).

## ناوتۆماركردن لە نووسینەگەی بیمەكراوەكان

كاتێک كەسێک بۆ یەكەمجار كاردەكات، دەبێت تۆماركرابێت لە تۆماری بیمەكراوانی دەزگای نیشتمانی بیمەی كۆمەڵایەتی (ΕΦΚΑ)، بۆ ئەوەی ژمارەی تۆماركردنی بیمەكراو (A.M.A.)ی پێ بدرێ ت.
بۆ ناوتۆماركردن لە تۆماری بیمەكراوانی دەزگای نیشتمانی بیمەی كۆمەڵایەتی (ΕΦΚΑ)، بە مەبەستی وەرگرتنی ژمارەی تۆماركردنی بیمەكراو (A.M.A.)، دەبێت مەوعید وەرگریت لە لقێك لە لقەكانی دەزگای نیشتمانی بیمەی كۆمەڵایەتی (ΕΦΚΑ)، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە ژمارە 1555، یان لە ڕێگەی ئیمەیڵە وە.

**پێویستت بەم بەڵگە پاڵپشتیكراوانە دەبێت:**

1. ئۆرجیناڵ و كۆپی مۆڵەتی یەكتای ئیقامە (ΑΔΕΤ).
2. ئاگاداری دامەزراندن (فۆرمی Ε٣) لە لایەن خاوەنكارەكەت.
3. بڕوانامەی تەرخانكردنی ناسنامەی باج (ΑΦΜ) (یان بەڵگەی هاوسەنگ كە ناسنامەی بەج (ΑΦΜ) و دایرەی باج پیشان بدات، وەک لێدوانی ڕاپۆرتی باج لەسەر داهات).
4. AMKA (ژمارەی دابینكردنی كۆمەڵایەتی).
5. بەڵگەی شوێنی دانیشتن (كرێنامە/ لێدوانی یاسایی خانەخوێ یان خاوەنماڵ/ پسوولەی كارەبا یان ئاو بە ناوی خۆتەوە)
6. دەفتەری بانک (كۆپی لاپەڕە كە ژمارە حسابی تێدایە) یان ئەگەر دەفتەری بانكت نیە، بەڵگەیەكی سادە بە IBANی حسابی بانكەوە، كە دەریدەخات تۆ خاوەنی سەرەكی حسابی بانكیت.

دەتوانیت خۆت یان لەڕێگەی نوێنەری ڕێپێدراوەوە لە نزیکترین لقی سندۆقی نیشتیمانی بۆ دابینکردنی کۆمەڵایەتی (EΦKA) یان لقی سندۆقی نیشتیمانی بۆ دابینکردنی کۆمەڵایەتی (EΦKA) خاوەنکار، لە هەمان ڕۆژی دەسپێکی ئیشەوە AMA دەربکەیت.



## چۆنیەتی دۆزینەوەی ئیش

گەڕان و دۆزینەوەی ئیش لە یۆنان ئاسان نیە، کاتی دەوێت و دەبێت ئامادە بیت بۆ ئەو گرفت و تەحەدایەی کە ڕووبەڕووی دەبیتەوە.




## سی ڤی و نامەی ڕوونکردنەوە

وەک یەکەم هەنگاو، پێویستە سی ڤی (CV)یەک ئامادە بکەیت کە زانیاری تێدایە دەربارەی خوێندنەکەت، ئەزموونی پیشەیی، هەروەها کارامەیی و هەر ڕاهێنانێکی تایبەت کە هەتبێت.

بەتایبەتی، سی ڤی دەبێ ئەم زانیاریانەی خوارەوەی تێدا بێت:

- زانیاری کەسی وەک ناوەکەت، ناونیشانی ماڵەوە، ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیلی پەیوەندی؛
- پێشینەی خوێندن؛
- ئەزموونی پێشووت (پیشەیی یان خۆبەخشانە)؛
- کارامەیی و ڕاهێنان (زمانەکان، زانیاری IT و هتد)؛
- خولیای تاکەکەسی؛
- ئامۆژگارییەکانی خاوەنکارەکانی پێشوو.

. نموونەی سی ڤی دەتوانیت لێرە، و خاڵە کارپێکراوەکان دەربارەی نووسینی سی ڤی لێرە و لێرە بدۆزییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە چەند ڕێکخراوە کە خزمەتگوزاری تایبەت بە پەنابەران و ڕێنمایی لە بواری نووسینی سی ڤیدا پێشکەش دەکەن و داوا بکەی یارمەتیت بدەن.

## وتوویژ

ئەگەر خاوەنکار سی ڤییەکەتی بەدڵ بێت، ئەوا بەگشتی لە هەنگاوی دواتردا بۆ وتوویژ بانگت دەکات. وتوویژەکە زۆر گرنگە، چونکە یەکەم پەیوەندی ڕاستەوخۆی تۆیە لەگەڵ ئەو کەسەی کە حەزی بە دامەزراندنی تۆیە. لەڕێگەی پەیوەندی زارەکی و شتی ترەوە، خاوەنکاری داهاتووت دەتوانێت یەکەم تێڕوانینت بۆ دروست بکات و بڕیار بدات دەربارەی ئەوەیکە بۆ پێگەی ئیشی پێویست گونجاوی یان نا. دەتوانیت خاڵ و زانیارییە بەسوودەکان دەربارەی پڕۆسەی وتوویژ و ئامادەبوون بۆ بەشداری لە دانیشتنی وتوویژ لێرە بدۆزییەوە.

## خزمەتگوزاری دامەزراندنی گشتی (Δ.ΥΠ.Α.)، دایرەی دامەزراندنی (Δ.Ε.Α.Ο.) پێشوو

یەکێک لە ڕێگاکانی پەیوەندی کردن بە خاوەنکارە شاراوەکان داوای یارمەتییە لە خزمەتگوزاری دامەزراندنە گشتییەکانەوە کە مامەڵە لەگەڵ دامەزراندنی هێزی کار دەکەن. جەستەی سەرەکی لە یۆنان خزمەتگوزاری دامەزراندنی گشتی (Δ.ΥΠ.Α.)(دایرەی دامەزراندنی (Δ.Ε.Α.Ο.) پێشوو) یە. Δ.ΥΠ.Α. بنکەکانی ناوچەیی بڕەوپێدانی دامەزران (Κ.Π.Α.) بەڕێوە دەبات. ئەوانەی بێکارن دەتوانن (بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان) بۆ وەرگرتنی زانیاری لە ڕاوێژکارانی دامەزراندن لەسەر کێشەکانی دۆزینەوەی ئیش پەیوەندی بکەن. لەبەر ئەمە، تۆمارکردنی ناو لە نووسینگەی دۆزینەوەی ئیشی Δ.ΥΠ.Α. گرنگە. تۆمارکردنی ناو لە نووسینگەی دۆزینەوەی ئیشی Δ.ΥΠ.Α و پێدرانی کاری بێکاری، دەستڕاگەیشتن بە ژمارەیەک ماف و خاڵ، وەک بلیتی بێبەرامبەر یان هەرزان بۆ گەشتکردن بە گواستنەوەی گشتی، وەرگرتنی سوودی بێکاری دوای ئەوەی بێکار بووی و پاڵپشتی بۆ دۆزینەوەی ئیشێکی نوێ دەڕەخسێنێت. زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پڕۆسەیە و بەڵگەی پاڵپشتی پێویست لێرە لەبەردەستە.

## ئینتەرنێت

باوترین شێوازی دۆزینەوەی کار بەکارهێنانی ئینتەرنێتە. خاوەنکارەکان هەموو ڕۆژێ پێداویستییەکانیان لە ماڵپەڕی دیاریکراودا تۆمار دەکەن و بیرۆکەیەکی باشە کە بەردەوام سەردانیان بکەیت. هەندێک لەو ماڵپەڕانەی کە دەتوانیت سی ڤییەکەتی تێدا تۆمار بکەیت و ڕیکلامی کاری پەیوەندیدار بدۆزییەوە لە خوارەوە بەردەستن:

- Kariera.gr
- xe.gr
- Skywalker.gr
- Jobs-finder.gr
- Generation 2.0

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر پەنابەر یان پەناخواز بیت و بتهەوێ ئیش، خولی ڕاهێنان یان کارگەی ڕاهێنان بدۆزییەوە، دەتوانیت سەردانی سەکۆی ئۆنلاینی بنکەی دۆزینەوەی ئیشی Adama بکەیت. ئەم سەکۆیە لە لایەن «خزمەتگوزاری یارمەتیدانی کاسۆلیک» (CRS) بە هاریکاری UNHCR، دەمو دەزگای پەنابەرانی نێودەوڵەتی لە یۆنان، پەرە پێدراوە.

## ماف و ئەرکی کرێکار/فەرمانبەر

مافەکانی تۆ وەک فەرمانبەرێک ئەوانەن کە بۆ هەموو فەرمانبەرێک دانراون بێ گوێدانە ئەوەی یۆنانی بن یان بیانی و ئەوانیش بریتین لە: گرێبەستی دامەزراندن، مووچەی سەرەتایی، مەرەخەسی، کاتی زیادە، دابینکردنی کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری چارەسەری.

پاش دۆزینەوەی ئیش، دەبێ (ئەلف) گرێبەستی دامەزران واژۆ بکەیت و (ب) بێیە ناو پلانی ناچاری دابینکردنی کۆمەڵایەتی. گرێبەستی دامەزراندن جۆرێک گرێبەستە لە نێوان خاوەنکار و فەرمانبەر/کرێکاردا. گرێبەستەکە دەبێ لە لایەن تۆ و خاوەنکارەوە واژۆ بکرێت و کۆپییەکی هەبێت. فەرمانبەر/کرێکار و خاوەنکار بە واژۆکردنی گرێبەستەکە، پابەند دەبن بە ڕەچاوکردنی ئەو مەرجانەی لە گرێبەستەکەدا نووسراون و ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە.

زانیاری زیاتر دەربارەی جۆرەکانی گرێبەست، مەرجەکانی هەڵوەشاندنەوە و مافی گشتی دامەزران لێرە بەردەستە.

## یارمەتی بێکاری و یارمەتی ئەو کەسانەی داهاتیان کەمە

ئەگەر پەنابەری فەرمی بیت یان سوودبەری پاراستنی لاوەکی بیت کە مۆلەتی ئیقامەی کارپێکراوی هەیە، دەتوانیت سیستەمی نیشتیمانی ئاسایش بەکار بێنیت. زانیاری پەیوەست بە سوودە جیاوازەکانی ناو یۆنان لە ماڵپەڕی ڕێکخراوەی سوودەکانی ئاسایش و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی (ΟΠΕΚΑ) بەردەستە.

ئەمانە بەشێکن لەو سوود و ئەو یارمەتیانەی کە لەوانەیە ئەتۆ بگرنەوە:

- کەمترین داهاتی مسۆگەرکراو
- یارمەتی منداڵ
- یارمەتی خانووبەرە
- یارمەتی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی تایبەت بەوانەی بیمەیان نیە
- یارمەتی کەمئەندامی

خاڵی گرنگە ئەمەیە کە پێدانی سوود پشت بە داهات، دارایی و پێوەرەکانی شوێنی دانیشتن دەبەستیت.

**بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، ڕێنمایی و پاڵپشتی دەربارەی پرسەکان و ڕێکارەکانی پەیوەست بە دامەزران و یەکخستنەوە لە بازاڕی ئیشدا دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لە بنکەکانی یەکخستنەوەی کۆچبەران (KEM) کە لە هەندێک لە شارەکان دانراوە. زانیاری پەیوەست بە KEM** لێرە **لەبەردەستە.**

# وەرزی 5 خانووبەرە





# پرۆگرامەکانی خانووبەرە/ ئامادەکاری تایبەت بە سوودبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی

## پرۆژەی هێلیوس (HELIOS)

لە چوارچێوەی پرۆژەی "هێلیووس"دا کە جۆرێک پلانی پاڵپشتی یەکخستنەوەیە تایبەت بە سوودبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی (پەنابەران و سوودبەرانی پاراستنی لاوەکی) و لە لایەن ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بە هاریکاری حکومەتی یۆنان بەڕێوە دەچێت، هەندێک یارمەتی لە بواری دۆزینەوەی شوققە و تەواوکردنی ڕێکارەکانی پەیوەست بە عەقدکردنی گرێبەستی کرێ لەگەڵ خاوەن شوققە، پێشکەش دەکرێت. ئەگەری پێدانی کرێ و گواستنەوەی خەرجییەکانیش بۆ سوودبەرانی پرۆگرامەکە دابینکراوە. دەتوانیت زانیاری زیاتر دەربارەی پێوەر و پرۆسەکانی ناوتۆمارکردن لە پرۆژەی "هێلیووس" لێرەدا بدۆزییەوە.

## یارمەتی مانگانەی خانووبەرە

ئەم پرۆگرامە دەستە جیاوازەکانی سوودبەران، وەک سوودبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێت کە لانیکەم پێنج (٥) ساڵ بەر لە پێشکەشکردنی داواکاری بەشداریکردن لە پرۆگرامەکەدا، دانیشتووی هەمیشەیی و یاسایی یۆنان بوون (ΟΠΕΚΑ).

زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم یارمەتییە، وەک پێداویستی پەیوەست بە تاک یان بنەماڵە، بڕیارەی یارمەتییەکە و پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری لە بنکەکانی یەکخستنەوەی کۆچبەران (KEM) (لینکی پەیوەست لێرە لەبەردەستە) یان بنکەی کۆمەڵایەتی شارەوانی شوێنی نیشتەجێبوون (لینکی پەیوەست لێرە لەبەردەستە.

## پرۆگرامی «خانووبەرە و ئیش»

ئەم پرۆگرامە بۆ ئەو کەس و بنەماڵانە داڕێژتراوە کە دانیشتووی کەمپن، لێقەوماون، ئەوانەی لەسەر شەقام دەخەون یان ئەوانەی خانووبەرەی گونجاویان نیە. لە چوارچێوەی ئەم پرۆگرامەدا، یارمەتی ماڵی کرێ خانوو ئەوپەڕی بۆ هەژدە (18) مانگ و تێچوونە سەرەتاییەکانی کاڵا و خزمەتگوزاری گشتی بنەماڵە و یارمەتی ماڵی ئیش ئەوپەڕی بۆ دوازدە (12) مانگ دەدرێت. هاوکات پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی پێشکەش بە سوودبەران دەکات بە ئامانجی بەهێزکردن و بەتواناکردنیان بۆئەوەی وردە وردە بەرپرسیاریەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بگرنە ئەستۆ و تێکەڵاوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ببنەوە.

پرۆگرامەکە تەنیا لە هەندێک لە شارەوەنییەکان جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر لێقەوماوی و دەتهەوێ بزانیت ئاخۆ ئەم پرۆگرامە لە شارەکەی تودا جێبەجێ دەکرێت یان نا، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە بنکەی یەکخستنەوەی کۆچبەران (KEM)ی ناوچەی خۆت یان بنکەی کۆمەڵایەتی شارەوانی ناچەی دانیشتنەکەت (لەسەرەوە سەیری لینکی پەیوەست بکە).

# زانیاری دەربارەی خانووبەرەی بەکرێ

دەتوانیت لە خانووبەرەی بەکرێ بگەڕێی لەڕێگەی:

- ئۆنلاین، لە ماڵپەڕی تەرخانکراوی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچ و پرۆژەی «هێلیووس» https://www.heliospiti.com/ (ئینگلیزی). لیستەی خانووبەرەی بەکرێ لەم ماڵپەڕەدا دەدۆزییەوە کە خاوەنەکانیان بۆ بەکرێدانی موڵکەکەیان بە سوودبەرانی پرۆگرامی «هێلیووس» گرێبەستیان عەقد کردووە لەگەڵ IOMدا.
- ئۆنلاین، لە ماڵپەڕە ناوخۆییەکاندا کە ڕیکلامیان هەیە بۆ دۆزینەوە و بەکرێگرتنی موڵکێک وەک xe.gr (ئینگلیزی/ یۆنانی)، spitogatos.gr (ئینگلیزی/ یۆنانی)، tospitimou.gr (ئینگلیزی/ یۆنانی)، spiti24.gr (ئینگلیزی/ یۆنانی /عەرەبی/فەڕەنسی)، spiti360.gr ( ئینگلیزی/ یۆنانی)، plot.gr (ئینگلیزی/ یۆنانی)
- لە ڕۆژنامە ناوخۆیی و نەتەوەییەکاندا کە بەشێکی تێدایە لەگەڵ ڕیکلامی موڵک بۆ کرێ (بەگشتی بە ناوی «بۆ کرێ»).
- لە نووسینگەکانی خانووبەرە. ئەو نووسینگانە کرێی خزمەتگوزاریەکانیان وەردەگرن، کە بەگشتی کرێی یەک مانگە.
- لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبووک، لە بەشی مارکێت.
- لەڕێگەی بەدەستهێنانی زانیاری لە خزمان، برادەران، هاوپیشەکان یان کەسانی تری کۆمەڵگاوە.

دەتوانیت سەردانی ئەو موڵکە بکەیت کە حەزت لێیە بەکرێی بگریت، دوای یەکەم پەیوەندیکردن بە خاوەن موڵک یان ئەو بریکارەی کە نوێنەرایەتی دەکات، بۆ ئەوەی بزانیت کە لە بارودۆخێکی باشدایە یان نا. هەرگیز موڵکێک بەکرێ مەگرە کە تەنها لە وێنەکاندا بینیوتە.

بۆ نووسین و برینەوەی کرێنامە، دەبێت سەرەتا تۆ و خاوەنەکەی لەسەر مەرجەکان ڕێکبکەون، بەشێوەیەکی سەرەکی سەبارەت بە کرێی مانگانە و ماوەی کرێکە و زیادکردنی کرێی ساڵانە و ژمارەی ئەو کەسانەی لە شوققەکەدا دەمێننەوە. ئەگەر موڵکەکە شوققە بێت، دەبێ پرسیار بکەیت دەربارەی ئەو تێچوونە هاوبەشانەی کە دەبێ هەموو مانگێک بیدەیت.

ئەگەر شوققەکەت بەدڵ بێت و لەگەڵ مەرجەکانی خاوەنەکەی ڕێکبکەویت، پێویستە کرێنامەی نیشتەجێبوونی تایبەت واژۆ بکەیت. بۆ واژۆکردنی کرێنامە، دەبێ مۆڵەتی ئیقامە و ناسنامەی باج (AΦM)ی یۆنانت هەبێت. پاش واژۆکردنی کرێنامە، دەبێ کرێی یەکەم مانگ لەگەڵ بڕی ئەو زەمانەت (پێشەکی)ە بدەیت بە خاوەن موڵکەکە کە لەسەری ڕێکەوتن کراوە. هەموو پێشەکییەکە لە کۆتایی کرێکەدا دەدرێتەوە بە تۆ، هەڵبەت ئەگەر ماڵەکە بە هەمان شێوە بدەیەوە بە خاوەن موڵکەکە کە پێی دابووی.

پاش واژۆکردنی کرێنامەکە، خاوەن موڵکەکە وردەکاری خۆی بە شێوەی ئەلەکترۆنی لە سیستەمی TAXISnetدا تۆمار دەکات. پاش تۆمارکرانی تایبەتمەندی خاوەن موڵک، سیستەمەکە بە ئیمەیلێک دەنێرێت بۆ حسابی TAXISnet تۆ بۆئەوەی مەرجەکانی کرێنامەی ئۆنلاین قبووڵ بکەیت.

کرێنامەی تایبەتی گرێبەستێکە لە نێوان هەموو ئەو لایەنانەی کە لە کرێی خانووبەرەدا بەشدارن و ماف و پابەندبوونەکانیان دەگرێتەوە، بۆ ماوەی دیاریکراو لە گرێبەستی کرێدا. بەرلەوەی کرێنامەکە واژۆ بکەیت، پێویستە هەموو مەرجەکانی بخوێنییەوە و لێیان تێبگەیت.

بەکرێگرتنی خانووبەرە هەندێک ماف و ئەرک لەخۆ دەگرێت کە دەبێ ڕەچاو بکرێن. زۆر گرنگە کە کرێی مانگانە بدەیت لەو ڕێکەوتەدا کە لەگەڵ خاوەنەکەی سازاوی. ئەگەر کرێکەت وەدوا کەوت، باشترە دەستبەجێ بە خاوەن موڵکەکە ڕابگەیێنیت.

کرێچی دەبێت پسولەی خزمەتگوزاری گشتی بدات (وەک ئاو و کارەبا و تەلەفۆن و هتد) بۆ موڵکە بەکرێگیراوەکان و هەروەها ڕێژەی تێچوونە هاوبەشەکانی شوققە / کۆمەڵەی ئەو موڵکەکە کە تێیدایە.

زانیاری بەسوود دەربارەی پرۆسە و پرسەکانی پەیوەست بە بەکرێگرتنی خانووبەرە لێرە لەبەردەستە و ڤیدیۆی پەیوەست لێرەدا لەبەردەستە.



# وەرزی 6. پەروەردە



© UNHCR / Socrates Baltagiannis



لەم وەرزەدا زانیاری دەربارەی پەروەردە لە یۆنان دەدۆزیتەوە، چۆن منداڵەکانت لە قوتابخانە تۆمار بکەیت ئەگەر دایک و باوک یان سەرپەرشت بیت و چۆن دەکرێ زیاتر پاڵپشتی بکرێیت. زانیاری دەربارەی پەروەردە و ڕاهێنان بۆ گەنجان و بەتەمەنەکانیش دەدۆزیتەوە، هەروەها دەرفەتەکان بۆ فێربوونی زمانی یۆنانی و ئەو ڕێگایانەی کە دەکرێ کارامەیی زیاتر بەدەست بێنیت.

## سیستەمی ڕاهێنانی یۆنان



سیستەمی ڕاهێنانی یۆنان لەژێر چاودێری «وەزارەتی ڕاهێنان، تۆژینەوە و کاروباری ئایینی»دا بەڕێوە دەچێت. خوێندن لە یۆنان بۆ هەمووان بێبەرامبەرە و بۆ هەموو منداڵان (کوڕان و کچان)ی چوار (٤) تاکوو پازدە (١٥) ساڵان، لەوانە منداڵانی پەنابەر، ناچارییە. کتێبەکان بۆ هەر منداڵێک بێبەرامبەر دابین دەکرێن، بەڵام نووسینەمەنی، دەفتەری تێبینی و پێداویستیەکانی تر پێویستە لەلایەن دایک و باوکان یان سەرپەرشتەکانەوە بکڕدرێن.

ئەم ئاستانەی خوێندنی خوارەوە ناچارین:

- باخچەی ساوایان (4-6 ساڵان)
- قوتابخانەی سەرەتایی (6-12 ساڵان)
- قوتابخانەی ناوەندی (12-15 ساڵان)

هەموو ئەو منداڵانەی لە دەستەی گرووپی تەمەنی سەرەوەدان دەبێ لەژێر چاودێری باوان یان سەرپەرشتدا، لە قوتابخانە ناویان تۆمار بکەن و هەموو ڕۆژێ لە پۆلی وانەدا بەشدار بن. ساڵی خوێندن بەگشتی لە سێپتەمبەرەوەیە تاکوو جونی ساڵی داهاتوو. منداڵانی پەنابەر، لەو ماوەیەی کە لە یۆنان دەبن، مافی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری ڕاهێنانیان هەیە.

داواکاری ناوتۆمارکردن لەگەڵ بەڵگەی پاڵپشتی پەیوەست، دەبێ بە شێوەی ئۆنلاین پێشکەش بکرێت. ئەگەر بەڵگەی پاڵپشتتی پەیوەستت نەبێت، کەسی بەرپرسی هەر قۆناغێکی خوێندن یارمەتیت دەدات پرۆسەی ئامادەکردنی ئەم بەڵگانە بۆ تۆمارکردنی ناوی خۆت یان منداڵەکەت ببڕیت.

زانیاری زیاتر لێرە لەبەردەستە.

# I. ڕاهێنان و چاودێری منداڵانی کەمتەمەن



### ناوتۆمارکردن لە دایەنگە، بنکەکانی چاودێری ڕۆژانە و باخچەی ساوایان

بۆ منداڵانی خوارووی (4) ساڵان، دایەنگە یان باخچەی ساوایان هەیە کە منداڵانی سەرووی شەش (6) مانگ لەخۆ دەگرێت. بنکەکانی چاودێری ڕۆژانە منداڵانی دوو-و-نیو (2.5) ساڵان لەخۆ دەگرێت هەتاکوو تەمەنیان دەگاتە ڕاهێنانی ناچاری. ئەم بنکەیە لەوانەیە لەژێر چاودێری کەسانی ئەهلی، حکومەت یان شارەوانیدا بێت. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە شارەوانی شوێنی نیشتەجێبوونت.

باخچەی ساوایانی گشتی لە یۆنان بێبەرامبەرە و هەموو منداڵان و کچان و کوڕانی چوار (4) و پێنج (5) ساڵان دەبێ لە باخچەی ساوایان ناویان تۆمار بکەن. ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان دەبێت بە چوار (4) ساڵ لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ناوتۆمارکردن، شیاون بۆ ئەوەی لە باخچەی ساوایانی گشتی ناویان تۆمار بکرێت. بۆ داواکردنی تۆمارکردنی ناوی منداڵەکانت لە باخچەیەکی ساوایانی گشتی، دەبێت ئەوە بسەلمێنیت کە یەکەمجارە لە باخچەی ساوایان ئامادە دەبێت و تا ئێستا لە قوتابخانەیەکی تر ناوی تۆمار نەکراوە.

بۆ ناوتۆمارکردن ئەمانەت پێویستە:

- کۆدەکانی بەردەستبوونی تاکەکەسی Taxisnet؛
- ژمارە مۆبایل؛
- بەڵگەی ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی.

ئەگەر پرسیار یان کێشەت هەبێت لەگەڵ پرۆسەی تۆمارکردن، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە نزیکترین باخچەی ساوایان لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییت.

# II. ڕاهێنانی سەرەتایی (قوتابخانەی سەرەتایی) و ماماناوەندی (پۆلی حەوت و هەشت و نۆ)



### ناوتۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی و قوتابخانەی ناوەندی

ئەگەر منداڵەکەت لە نێوان شەش (6) و دوازدە (12) ساڵ بێت، ئەوا دەبێت لە قوتابخانەی سەرەتایی نزیک لە ماڵەکەت تۆمار بکرێت و ئەگەر لە نێوان دوازدە (12) و پازدە (15) ساڵ بێت، ئەوا دەبێت لە قوتابخانەی ناوەندی ناوی تۆمار بکرێت. ئەگەر بە یۆنانی قسە نەکەیت، دەتوانیت ناوت تۆمار بکەیت لە پۆلی وەرگیرانی تایبەتدا، کە لە خوارەوە زانیاری زیاتر لە دەدۆزیتەوە.

ئەگەر منداڵەکەت لە وڵاتێکی تردا ڕۆیشتبێتە قوتابخانە، دەبێ بڕوانامەیەکی پەیوەندیدار پێشکەش بکەیت یان ڕوونی بکەیەوە چەند ساڵ و لە کام وڵات ڕۆیشتۆتە قوتابخانە.

لە ماوەی ساڵی خوێندندا ناوتۆمارکردن دەکرێت. بۆ ئەمە دەبێ سەردانی نزیکترین قوتابخانەی سەرەتایی یان قۆتابخانەی ناوەندی بکەیت و ئەم بەڵگانە لەگەڵ خۆت ببەیت:

- ناسنامە؛
- بەڵگەی کوتان؛
- بەڵگەی شوێنی نیشتەجێوون (زانیاری زیاتر لێرە لەبەردەستە)؛
- مۆڵەتی هاوچەشنی نیشتەجێبوونی (AΔET) منداڵەکەت.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە پرۆسەی تۆمارکردندا، کەیسی پزیشکی ت داوا لێدەکرێت. زانیاری پەیوەست بەم کەیسە لێرە لەبەردەستە.

کاتێک منداڵەکەت قوتابخانەی سەرەتایی تەواو دەکات، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە نزیکترین قوتابخانەی ناوەندی ناوی تۆمار دەکرێت.

منداڵان لە قوتابخانەی سەرەتایی داندراون بە بێ گوێدان بەوەی کە لە شارەوانی یان لە نووسینگەکانی تر ناویان تۆمار کرابێت و بەڕێوەبەری ئەم جۆرە قوتابخانانە بەرپرسیارن لە ناوتۆمارکردنیان. بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی نابێ بە هۆی نەبوونی بروانامەی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی ڕێگری لە تۆمارکردنی ناوی منداڵان بکات و هەر بەڵگەیەک قبوڵ بکات لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەرای بەڕێوەبەر دەکرێت ناونیشانی شوێنی دانیشتنی قوتابییەکە بسەلمێنێت.

**زانیاری زیاتر دەربارەی ئامادەبوونی منداڵان لە باخچەی ساوایانی گشتی و قوتابخانە سەرەتاییەکانی یۆنان دەتوانیت لە "ڕێنمای قوتابخانە"دا بدۆزییەوە کە وەزارەتی ڕاهێنان و کاروباری ئایینی ئامادەی کردووە. ڕێنماکە بە زمانی یۆنانی، لێرە لەبەردەستە.**



## III. ڕاهێنانی ناوەندی دڵخوازانە

### قوتابخانەی ئامادەیی گشتی و پیشەیی

لە تەمەنی شانزە (16) تاکوو هەژدە (18) ساڵ، ئەو قوتابیانەی کە لە قۆناغی ناوەندی دەرچوون، دوای تەواوبوونی ساڵی سێیەم دەتوانن بەردەوام بن و بە ئامادەبوون لە قوتابخانەی دواناوەندی خوێندنی قوتابخانەیان تەواو بکەن.

قوتابخانەی دواناوەندی و پیشەیی بۆ ئەو قوتابیانەیە کە قۆناغی ٣ی ئامادەییان تەواو کردووە و لە دەستەی خوێندنی ناچاریدا نین. ماوەی خوێندن لە هەردوو قوتابخانەی دواناوەندی گشتی و پیشەیی سێ (3) ساڵە. هەردووکیان دەرفەتت پێدەدەن بەشداری بکەیت لە تاقیکردنەوەکان بۆ وەرگیران لە خوێندنی باڵا. زانیاری بەسوود دەربارەی تۆمارکردنی ناوی خۆت یان منداڵەکانت لێرە لەبەردەستە.

# IV. ئاسانکاری ڕاهێنانی تایبەت بۆ پەنابەران

**پۆلەکانی وەرگیران- ZEP (بوارەکانی ئەولەوییەتی ڕاهێنان)**

ئامانجی ZEP ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانە بۆ هەموو قوتابیان لە سیستەمی پەروەردەدا، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پلانی پاڵپشتی بۆ باشترکردنی ئەدای فێربوون، وەک کرداری پۆلەکانی وەرگیران. قوتابخانەی منداڵەکەت بۆ باشترکردنی توانایی منداڵەکەت لە بواری وانە گشتییەکاندا لەوانەیە «پۆلەکانی وەرگیران» دابنێت.

**ئاسانکاری وەرگیران و ڕاهێنانی تایبەت بە منداڵانی پەنابەر (Δ.Υ.Ε.Π.)**

"ئاسانکاری وەرگیران" دەستەیەکی ترە لە خزمەتگوزاری ڕاهێنانی تایبەت بە منداڵانی پەنابەر کە بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی پرۆسەی یەکخستنەوەی منداڵانی پەنابەر لە سیستەمی ڕاهێناندا پێشکەش دەکرێت. زانیاری پەیوەست بە Δ.Υ.Ε.Π. لێرە لەبەردەستە.

# V. ڕاهێنانی بەتەمەنەکان

**کۆرس و بڕوانامەی زمانی یۆنانی**

گرنگترین سەرمایە بۆ تێکەڵ بوون و ژیانت لە یۆنان زانینی زمانی یۆنانییە.

دامەزراوە، ڕێکخراوە و ئەنیستیتۆکان ڕاهێنانی جیاوازی کۆرسەکانی زمانی یۆنانی بەڕێوە دەبەن. کورتەی زانیاری پەیوەست بە دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی ئەم کۆرسانە و زانیاری پەیوەندی ئەوان لێرە لەبەردەستە.

**تاقیکردنەوەکان بۆ بڕوانامەی کارامەیی بە زمانی یۆنانی**

دوای تەواوکردنی خولەکانی زمانی یۆنانی، دەتوانیت بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی هاوتا بەشداری بکەیت لە تاقیکردنەوەی زمانی یۆنانیدا. زانیاری زیاتر دەربارەی بڕوانامەی زمانی یۆنانی لێرە لەبەردەستە.

**قوتابخانەکانی دەرفەتی دوبارە**

ئەگەر تەمەنیت لە سەرووی هەژدە (18) ساڵ بێت و خوێندنی ناچاریت تەواو نەکردووە، دەتوانیت داوا بکەیت ناوت تۆمار بکرێت و بڕۆیە قوتابخانەی دەرفەتی دووەم. زانیاری زیاتر لێرە لەبەردەستە. بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی بەڵگەی پاڵپشتی پێویست و پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری لێرە لەبەردەستە.

### بنکەکانی فێربوونی درێژخایەن

"بنکەکانی فێربوونی درێژخایەن» لە شارەوانییەکانی ئەم وڵاتەدا چالاکن. زانیاری زیاتر دەربارەی «بنکەی فێربوونی درێژخایەن لێرە لەبەردەستە.

### قوتابخانەکانی شاگردی پیشەیی بۆ خزمەتگوزاری دامەزراندنی گشتی (Δ.ΥΠ.Α.)

زانیاری دەربارەی «قوتابخانەکانی شاگری پیشەیی» Δ.ΥΠ.Α. لێرە لەبەردەستە.

### ئەنیستیتۆکانی ڕاهێنانی پیشەیی

لە «ئەنیستیتۆ گشتییەکانی ڕاهێنانی پیشەیی» وەزارەتی ڕاهێنان و کاروباری (Δ.I.E.K.)، هەندێک کۆرس بێبەرامبەر بەڕێوە دەچێت. زانیاری زیاتر دەربارەی «ئەنیستیتۆ گشتییەکانی ڕاهێنانی پیشەیی» لێرە و لێرە لەبەردەستە.

**بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، ڕێنمایی و پاڵپشتی دەربارەی پرسەکانی ڕاهێنانی بەتەمەنەکان، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لە بنکەکانی یەکخستنەوەی کۆچبەران (KEM) کە هەندێک لە شارەکان دانراوە. زانیاری دەربارەی بنکەکانی یەکخستنەوەی کۆچبەران لێرە لەبەردەستە.**



## VI. بەردەستبوونی ڕاهێنانی باڵای سێ لایەنە

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری گشتی، ئاشنابوون لەگەڵ بەڵگەی پاڵپشت و پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هەرکام لە «ئەنیستیتۆکانی ڕاهێنانی باڵا»ی وڵات، سەردانی ئێرە و ئێرە بکە.



© UNHCR / Socrates Baltagiannis

# وەرزی 7: خزمەتگوزاری چارەسەری



# زانیاری گشتی

ئەگەر لە یۆنان پاراستنی نێودەوڵەتیت پێدراوە، مافی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری چارەسەری سەرەتایی، مامناوەندی و سێ لایەنەت هەیە. دەتوانیت خزمەتگوزاری چارەسەری لە نەخۆشخانە گشتییەکان، بنکەکانی پزیشکی گشتی، بنکەکانی چارەسەری و نۆرینگەکانی شارەوانی بەدەست بێنیت. لە کەیسی بەپەلەدا، بۆنموونە لە کاتی فریاکەوتنی پزیشکی پێویست بە بەدواداچوون و چاودێری پزیشکی خێرا پەیوەندی بکە بە هێڵی نیشتیمانی 166. دەشتوانیت بڕۆیە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە. زانیاری پەیوەست بە ئەو نەخۆشخانانەی کە بەشی فریاکەوتنیان هەیە و کاتی ئیشی نەخۆشخانەکان لێرە لەبەردەستە

بۆ حجزکردنی مەوعید بۆ بنکەکانی چارەسەری، یەکێک لەم شێوازانە بگرە بەر:

1. تەلەفۆن بکە بۆ هێڵی نیشتیمانی 1535 و پەیرەوی بکە لە ڕێنماییەکانی پەیوەست بە (یۆنانی- ئینگلیزی)
2. ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکە بەو نەخۆشخانەیەی کە پێویستە.
3. پەیوەندی بکە بە هێڵی نیشتیمانی 14900 کە پەیوەستە بە خزمەتگوزاری پزیشکی بنکەکانی پزیشکی «ئەنیستیتۆی بیمەی کۆمەڵایەتی» (IKA) و وەشوێن ڕێنماییەکانی پەیوەست بکەوە.

بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چارەسەری لە ئاستی ناوچەییدا «یەکەی تەندروستی ناوچەیی»ش دانراوە. بۆ پێشکەشکرانی خزمەتگوزاری پزیشکی لە TO.M.Y، دەبێ ناو تۆمار بکەیت لە یەکێک لەواندا کە لە شار یان گەڕەکەکەت هەیە.

لیستەی پشتڕاستکراوەی وەزارەتی تەندروستی، بریتی لە نەخۆشخانەکانی یۆنان لێرە لەبەردەستە.

# دەرمانخانەکانی شارەوانی

زۆربەی شارەوانییەکان بنکەی پزیشکیان هەیە و هەموو سوودبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی (بە AMKA یان بێ ئەوە) دەتوانن لەواندا سوود وەرگرن لە خزمەتگوزاری چارەسەری (زانیاری زیاتر لێرە و لێرە لەبەردەستە).

## بنکە پزیشکیەکان لەژێر چاودێری ڕێکخراوە ناحکومیەکان

بنکەی پزیشکی و پۆلیکلینیکیان هەیە کە لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە کار دەکەن و لە یۆنان خزمەتگوزاری پزیشکی جۆراوجۆر پێشکەش بە سوودبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم نۆرینگانە، ئاگاداربوون لە ناونیشانی و خزمەتگوزاری پزیشکی بەردەست و بۆ بەردەوامبوون لە وەرگرتنی مەوعید، دەتوانیت پەیوەندی بەم ژمارانەی خوارەوە بکەیت:

**پزیشکانی جیهانی (Médecins du Monde/MdM):** 0030 210 3213150

**پزیشکە بێ سنوورەکان (Médecins Sans Frontières/MSF):** 0030 210 5200500

**خاچی سووری یۆنان:** 0030 210 3613848

**PRAKSIS:** 0030 210 8213704

**Solidarity Now:** 0030 210 6772500

**BABEL، یەکەی تەندروستی دەروون تایبەت بە کۆچبەران:** 0030 210 8616280, 0030 210 8616266

## چاودێری دەرمان

بۆ دەستڕاگەیشتن بە دەرمانی بێبەرامبەر یان هەرزان، دەبێ ڕەچەتەی پزیشکی نەخۆشخانەی گشتی یان بنکەی گشتی پێشکەش بکەیت. ئەگەر AMKA/PAAY-PAت هەیە و ڕەچەتەکەت ئۆنلاین دەرکراوە، دەتوانیت دەرمانەکەت لە هەر دەرمانخانەیەک وەربگریت.

ئەگەر AMKA/PAAYPAت نیە بەڵام پزیشکی نەخۆشخانەی گشتی یان بنکەی گشتی ڕەچەتە(تەنانەت بە کاغەز)ی بۆ دەرکردووی، دەتوانیت بێبەرامبەر لە دەرمانخانەی نەخۆشخانە یان بنکەی پزیشکی دەرکەری ڕەچەتە دەرمانەکەنت وەرگریت.

## خزمەتگوزاری تەندروستی دەروون


ئەگەر مەراق، خەم، خەفەت، هەستی تەنیایی، تووڕەیی یان خەمۆکیت هەیە، دەبێ سەردانی پزیشکی پسپۆڕ (دەروونناس یان پزیشکی دەروونی) بکەیت. بەپێی ئەو سیاسەتەی کە هەیە لە یۆنان، دەتوانیت دەرمانی دەروونی بێبەرامبەر بەدەست بهێنیت، تەنانەت ئەگەر ژمارەی PAAYPA یان AMKAت نەبێت. لە یۆنان ئەم دەرمانانە بەشێکن لە پۆلێکی تایبەتی دەرمان بە ناوی دەرمانی دەروونی و دەماری کە یاسای تایبەتیان بۆ دانراوە. پێویستە ئەم جۆرە دەرمانە لەلایەن پزیشکێکی دەروونی یان دەمارناسی نیشتەجێ لە نەخۆشخانەی گشتی یان تایبەت و/یان نیشتەجێ لە یەکەی چاودێری سەرەتایی یان بنکەکانی ناوخۆدا ڕێپێدراو بکرێت.

## کوتانی گشتی

ساڵانە وەزارەتی تەندروستی بڕیار لەسەر بەرنامەی نیشتمانی کوتان بۆ گەورەکان دەدات، کام ڤاکسین پێشنیار دەکرێت یان نا بۆ گەورەکان، بەپێی تەمەن و بوونی نەخۆشییە درێژخایانەکان و پێوەرە جۆراوجۆرەکانی تر.
ژمارەی بیمەی کۆمەڵایەتی AMKA، گەرەنتیتان پێدەدات بۆ وەرگرتنی کوتانی بێبەرامبەری لە هەموو دامەزراوە تەندروستییە گشتیەکان. جگە لەوەش هەموو ساڵێك وەزارەتی تەندروستی بەرنامەی کوتانی نیشتمانی بۆ منداڵان و هەرزەکاران ئامادە دەکات.
هەروەها کوتان لە ناوەندەکانی پاراستنی دایك و منداڵ پێشکەش دەکرێت. وردەکاری زیاتر سەبارەت بەو ناوەندە پزیشکیانەی کە توانای کوتان دابین دەکەن لێرە دا دەست دەکەوێت.



# وەرزی 8. زانیاری بەسوود و خزمەتگوزاری هەنووکەیی





## بنکەکانی یەکخستنەوەی کۆچبەران (K.E.M.)

بنکەکانی یەکخستنەوەی کۆچبەران (K.E.M.) لەڕاستیدا لقەکانی بنکە کۆمەڵایەتییەکانی شارەوانین. ئەرکیان ئاگادارکردنەوە و خزمەتکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تایبەتەکانە بە نەتەوەکانی وڵاتانی تر.
لەگەڵ ئەوەشدا، پاڵپشتی دروستکردنی تۆڕ، ناساندنی سەردانکەران بۆ بنکە و پرۆگرامەکانی یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی هەڵوێستی یەکخستنەوە دەکەن.
بۆ نمونە، ئەوان کۆرسی زمانی یۆنانی و زانیاری سەرەتایی مێژووی یۆنان دابین دەکەن، لەگەڵ ئەنجامدانی کاری نێوان کلتوری کە جەخت لە پێکەوەژیانی منداڵان و گەنجانی بیانی و دانیشتوانی ناوچەکە دەکەنەوە و بۆ بەرزکردنەوەی دەستڕاگەیشتنی کۆچبەران و سوودبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ بازاڕی کار ئیش دەکەن.
"بنکەکانی یەکخستنەوەی کۆچبەران" هەر ئێستا لەم شارەوانیانەدا چالاکە:

- ئەسینا
- پیرەئاس
- کالیتیا
- تسالۆنیکی
- کۆردلیۆ - ئەڤۆسمۆس
- تیڤا
- لامیا
- ئەندراڤیدا - کیلین
- هەراکلیۆن
- لەسڤۆس
- تریکالا

زانیاری زیاتر دەربارەی «بنکەکانی یەکخستنەوەی کۆچبەران» لێرە لەبەردەستە.

## ئەنجومەنی یەکخستنەوەی کۆچبەران و پەنابەران (Σ.Ε.Μ.Π.)



بابەتی بەشداری مەدەنی زۆر گرنگە لە کۆمەڵگادا لەبەرئەوەی بواری ناسینی خەڵک و وەرگرتنی دوو لایەن دەرەخسێنێت. بۆ بەشداربوونی باشتر لە پرسی پەیوەست بە کۆمەڵگای ناوچەیی سوودبەران، هەندێک یاسا بۆ پێکهێنان و بەڕێوەبەردنی دامەزراوەی ئامۆژگاری تایبەت بە ناوی ئەنجومەنی کۆچبەران و پەنابەرانی (Σ.Ε.Μ.Π.) لە شارەوانییەکان لەبەرچاو گیراوە.
زانیاری زیاتر دەربارەی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی و ئەرکی ئەنجومەنی یەکخستنەوەی کۆچبەران و پەنابەران لێرە لەبەردەستە.



# دەستەی نوێنەرایەتی بەکۆمەڵی نەتەوەکانی وڵاتانی تر

یەکێتی و ئەنجومەنە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی وڵاتانی تر دەتوانرێ وەک دەستەی نوێنەرایەتی بەکۆمەڵی نەتەوەکانی وڵاتانی تر لەبەرچاو بگیرترێت. ئەم دامەزراوانە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەیە لە نێوەندگیریی دامەزراوەیی بەرژەوەندی گرووپە کۆچبەرەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن یارمەتییەکی بەرچاو پێشکەش بەو کەسانە بکەن کە بۆ یەکەم جار دێنە یۆنان، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بگونجێنن و تێکەڵاوی کۆمەڵگای یۆنان بن.

”وەزارەتی کۆچ و پەنابەری“ و بەتایبەت ”دایرەی یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی“، بە تێگەیشتن لە گرنگی ڕۆڵی ئەم دامەزراوانە نووسینگەیەکی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی کاروباری ئەوان داناوە. بەم پێیە، ئەنجومەن و یەکێتییەکانی خوارەوە کە نوێنەری نەتەوەکانی وڵاتانی ترن، بەفەرمی لە یۆنان دانراون و چالاکی دەکەن:

ئەنجومەنی پەنابەرانی یۆنان www.refugees.gr، F: @Greekforumofrefugees

ئەنجومەنی کۆچبەرانی یۆنان، ناسنامەی فەیسبووک
www.migrant.gr، F: @GreekForumOfMigrants

ئەنجومەنی دایکە ترێسا کۆمەڵەی کۆچبەرانی ئەلبانی، ناسنامەی فەیسبووک:
F: albanian.association.mother.tereza.greece

ئەنجومەنی کۆچبەران و پەنابەرانی ئەفغانی، ناسنامەی فەیسبووک:
F:@Afghans.inGreece

ئەنجومەنی هاووڵاتیانی سێنیگالی دانیشتووی ئەسینا،
ناسنامەی فەیسبووک: DIAMM AK TERANGA،
F: ASSOCIATION DES SENEGALAIS D’ATHENES-GRECE

ئەنجومەنی هاووڵاتیانی دانیشتووی یۆنان، ناسنامەی فەیسبووک:
F: @congolesecommunityofgreece

لێژنەی ئەفغانییەکانی یۆنان

ئەنجومەنی هاووڵاتیانی کەناری عاجی دانیشتووی یۆنان، /، ناسنامەی فەیسبووک:
http://www.ivoirogrec.eu/ F: @IvorianCommunityofGreece

بەرەی دووەم-بەرەی ٢,٠/ئەنیستیتۆی ماف، یەکسانی و هەمەچەشنی/، https://g2red.org/
@secondgenerationgreece

یەکێتی ئەنجومەنی ئەلبانییەکانی دانیشتووی یۆنان، ناسنامەی فەیسبووک:
F: @federatashoqatave.shqiptaregreqi

ئەنجومەنی کلتووری و ئاسایشی Pak Hellenic

ئەنجومەنی هیندییەکانی دانیشتووی یۆنان.، ناسنامەی فەیسبووک: ئەنجومەنی هاووڵاتیانی نیجێری دانیشتووی یۆنان، ناسنامەی فەیسبووک: ئەنجومەنی هاووڵاتیانی نیجێری دانیشتووی یۆنان http://www.indogreek.org/GICWA/index.html F: @indianexpats
Nigerian Community Greece, F: Nigerian Community Greece

## مێزی ڕێنمای یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی

"دایرەی یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی" وەزارەتی کۆچ و پەنابەری بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە پرسیارەکانی سوودبەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی و ڕێنمایی دەربارەی پرسەکانی پەیوەست بە پرۆسەی یەکخستنەوە لە یۆنان، وەک لەبەردەستبوونی کۆرسەکانی زمانی یۆنانی، پێشکەشکردنی ئامۆژگاری پیشەیی، بژاردەکانی دابینکردنی خانووبەرە، پرۆسەی دەرکردنی پێناسەی باج(ΑΦΜ) و ژمارەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (AMKA) خزمەتگوزاری "مێزی ڕێنمای یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی" پێشکەش دەکات.

زانیاری زیاتر دەربارەی خزمەتگوزاری "مێزی ڕێنمای یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی" لێرە لەبەردەستە.

بنکەی ڕێکخستنی کاروباری کۆچبەران و پەنابەرانی ئەسینا (بنکەی ڕێکخستنی کاروباری کۆچبەران و پەنابەرانی ئەسینا- ACCMR)/ سەکۆی دیجیتاڵ

"بنکەی ڕێکخستنی کاروباری کۆچبەران و پەنابەرانی ئەسینا" ( ACCMR)/ لە ڕاستیدا وەک تەوەرێکی هەماهەنگییە بۆ پەرەپێدان و ئاڵوگۆری کرداری باش و زانستی ئەزموونی نێوان شارەوانی ئەسینا و ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوەکان.

"سەکۆی دەستنیشانکردن و ئاڵوگۆڕی خزمەتگوزاری دیجیتاڵی ACCMR" ئامرازی دەستنیشانکردنی بەشداری خزمەتگوزاری و هەڵوێستی دەمودەزگاکانی ACCMRە کە تەرکیز دەکاتە سەر جەماوەری کۆچبەر و پەنابەر.

زانیاری زیاتر دەربارەی ACCMR لێرە لەبەردەستە.

## خزمەتگوزاری فریاکەوتن

لە حاڵەتی فریاکەوتندا، دەتوانیت پەیوەندی بە خزمەتە پەیوەندیدارەکانەوە بکەیت بە پەیوەندی کردن بەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە:

یارمەتی پزیشکی فریاکەوتن / بنکەی نەتەوەیی بۆ چاودێری فریاکەوتن EKAB): 166)

پۆلیس: 100

خزمەتگوزاری ئاگر کوژاندنەوە: 199

ئێشکگری کەناردەریا: 108

ژمارەی فریاکەوتنی ئەورووپا: 112

هێڵی ڕێنمای -24سەعاتەی SOS بۆ بەدواداچوون و بەرەنگاری لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ئافرەتان: 15900

هێڵی -24سەعاتەی پۆلیس بۆ ڕاگەیاندنی بابەتی توندوتیژی ڕەگەزپەرەستی: 11414

هێڵی ڕێنمای بازرگاریکردنی مرۆڤ: 1109

بنکەی کۆنترۆڵکردنی ژەهراوییبوون: 0030 210 7793777

HELLENIC REPUBLIC
Ministry of Migration & Asylum

196-198 Thivon Avenue,
182 33 Ag. Ioannis Rentis – Nikaia
https://migration.gov.gr/

UNHCR
The UN Refugee Agency

UNHCR Representation in Greece

91 Michalakopoulou street,
115 28, Athens
Tel. 216 2007800 | Fax 210 6726417
Email: great@unhcr.org | www.unhcr.gr